# تەڵحەک

کامێرا دەکرێتەوە: گەلێ تەرمی مرۆڤ،چۆڵگە، پشت دیواری شارێک، لەرەی پارچە بە دەم باوە. تەپ و تۆزێ لە عەرز هەڵدەستێ، کامێرا دەبەسرێ.
کامێرا بەڕووی چیرۆکی سێهەمدا دەکرێتەوە.

**1. رۆژ – دەرەوە- چۆڵگە و دەروازەی شار- دەنگی لورەی گورگ.**

لە دەروازەی شارەوە چۆڵگە و ئاسۆ بەدی دەکرێ. هەتاو پرشنگدارە بەڵام عرز و چاڵاوەکان باسی ئاخر و ئۆخری زمسان ئەکەن. لە پانایی چۆڵگەدا هیچ چتێ کە جوولەیەکی هەبێ بەدی ناکرێ، جگە لە تەنکە دووکەڵێ لە هەوداو لە پشت ئەویشەوە وێنەی لەرزۆکی تەڵحەک و ماڵ و منالی کە لە دوورەوە ماندوو شەکەت دێن. لە پشت سەریانەوە گردێکە کە لێی داگەڕاون. دیارە کە دەمێکەیە بەڕێوەن.
تەڵحەک و ژنەکەی و کچەکەی و کوڕەکەی.
پێش لەوەی بگەن یەک یەک سست ئەبن و ئەدرێن بە عەرزا.
چەن کەسێ لە دەروازەوە بەرەو لایان هەڵدێن و بە سەر سوڕییەوە ئاخلەیان ئەدەن.

2. رۆژ- دەرەوە- دەرکەی مەیدان

دەنگی گوریس و دۆڵچەی بیر و ئاوکێشان. قازانە چێشتەکانی سەر ئاگر بە هەڵم و بۆقەوە رادەگەیەنن کە رۆژێکی گرینگە. تەڵحەک لە بن دیوارا دانیشتووە و خەریکی خواردنە. نەختێ لەو لاوەترەوە لە ناو ژنەکانا، ژن و کچەکەی کە وا دیارە تێریان خواردووە. ژن دەستەکانی هەڵدێنێ و لە ژێر لچەوە شوکرانە بژێرە.

**ژنێک**: کەسێک بە شوێنتانەوە بوو؟

**ژنی تەڵحەک**: چەن گورگی برسی، هەرکە هێسرەکەمان تۆپی سەر و گوێلاکیان پەیدا بوو.

**ژن**: بەختتان یار بووە.

**ژنی تەڵحەک**: بە موارەکی، جێژنە؟

**ژن**: میری نەورۆزی رێ ئەخەن.

**ژنی تەڵحەک**: بە سەر و دڵخۆشی.

**ژن**: دابی هەمووساڵەیە.

**کچی تەڵحەک**: ( بە یەکێتر) من کە ئێجگار ترسام. کاتێ چاوم پێیان کەوت هەناسەم لێ چنرا.

**ژنی تەڵحەک**: ئێمە رێبوارین، رەوتەنین، راستان ئەوێ پیاوەکەمان لە دووی کاولبووێ ئەگەڕێ ئاوەدانی کاتەوە. ئێجگار ساکار و بێ پێچ و پەنا و خەڵک خۆشەویستە.

وێنەی تەڵحەک کە دڵشادە و بە حەزەوە خەریکی خواردنە و چەن ورد و درشتێ کە بە مەیلەوە تێی ئەڕوانن. لە ئەردا، لە ناو مەیدان، جم و جووڵ و هات و چو بۆ رێخستنی جێژن لە ئارادایە. یەک دوو بەهارخەو پێکەوە ئەبەستن کە سەکۆی دەورگێڕان سازکەن. پارچە و جل و

بەرگی جۆراوجۆر تاقی دەکەنەوە. چەن کەسێ بە دەوری یەکەوە، بەڵێن و بڕیاری یاری دەدەن. دەنگیان دێ.
**سەرۆک:** تۆ قامچیوەشێن بە، تۆیش میر غەزەب، تۆ ببە بە وەزیر، تۆش بە دز.
**دەورگێڕی یەکەم:** بێ قامچی بەڕێوە دەچێ، بێ میرغەزەب سەر ئەگرێ، بێ دز ئەکرێ، بەڵام بێ میری نەورۆز هەر نابێ.
**سەرۆک:** من چ قوڕێک بکەم بە سەرما کە لۆتی تۆبەی کردووە، گۆڵمەز لە ماڵ نایەتە دەر و لاسایی‌کەر کەوتووە بە رقا؟
دەورگێڕی دووهەم: هەموو ساڵێ ئەم بەزمەیە، وا نابێ( تەڵحەک بە لاوێ کە لە پاڵ دەستیایە)
**تەڵحەک:** بۆ وا داگیریاون؟
**لاو:** کارەکەیان چەتی تێکەوتە. ئەمساڵ ساڵێکی بە پیت بوو. گشت ساڵێ وەختی قوربانی ئەبووە قرم و قاڵ. ئەمساڵ کەس خۆی لێنادا.
تەڵحەک قاپەکە دائەنێ و هەڵدەستێ.
**تەڵحەک:** شوکر بۆ خوا.
کوڕی تەڵحەک دامێنی دەگرێ.
**کوڕی تەڵحەک:** باوە گیان، سەفەرەکەت دوا ئەکەوێ. تۆ ئەبێ مشۆرێ بۆ ئەو رەوە گورگانەی ژوورەوە پخۆی.
**تەڵحەک:** چارەیان خەنەکە رۆڵە گیان. خەنەک و ئەو گۆپاڵە وشترکوژەی کە خۆم دروستم کردە. تۆ ئەبێ من و گۆپاڵەکەم لە شەڕە گورگا ببینی.

تەڵحەک دوور ئەکەوێتەوە. کوڕە روو لە کەسێ

**کوڕی تەڵحەک:** هەرگیز پاروێ نانی بێ رەنجمان نەگلاندووە.

- کۆڕی دەورگێڕان

دەورگێڕەکان هەر خەریکی قسە و باسن. سەرۆک لە بەر گشتیان ئەپاڕێتەوە و هیچیان نایگرنە ئەستۆ.

**سەرۆک:** برا بێ با ئابڕوومان نەچێ، خەڵاتی لە بەرکە.

**دەورگێڕ:** بە هەر لەونێ بتەوێ سەرمەوقولات لێ ئەدەم. بەڵام شەڕوقڕە بۆ خۆم ناکڕم

( دوور ئەکەوێتەوە. سەرۆک روو لە یەکێدیکە ئەکات)

**سەرۆک:** وەرە، ئەم یارییە شۆخێکی وەک تۆی ئەوێ. بە پێی ووتەی جەماوەر چتێ ساز کەو بڵێ. چتێ کە زیاتر جێی پێلەنین بێ.

**دەورگێڕ:** ئەوەی جێی پێکەنین بێ چۆنیەتی ئێستای تۆیە.

( پێدەکەنێ و دوور ئەکەوێتەوە. ئەوانی دیکەش لە گەڵیا ئەڕۆن. سەرۆک نائومێد لە سەر سەکۆ دائەنیشێ و عارەقەی هەنیەی ئەسڕێ. چەن لاوێ دەوری ئەدەن.

**سەرۆک:** ئەمساڵ میری نەورۆزمان نییە. ئەمساڵ پیت و بەرەکەت نامێنێ.

( تەڵحەک دێتە ناو کۆڕەکەوە)

**تەڵحەک:** خوا خەم نەدا. بیستم چبووە.

- کۆڕی ژنان

( ژنی تەڵحەک لە ناو ژنانی دیکەدا قاپ ئەشۆرێ.)

( کچی تەڵحەک و کچێکی دی لە بەری پێشەوە دیمەنن.)

**کچی تەڵحەک:** من ئێرەم پیٚخۆشە. ئێرە زۆر خۆشە.
**کچ:** پێیان بڵیٚ هەر لێرە بمێننەوە. لە خۆڕا لە شوێن چ دەگەڕێن؟ ئەم خەڵکە ئێجگار میواندارن.

- کۆڕی دەورگێڕان

( سەرۆک را ئەچڵەکیٚ)
**سەرۆک:** چت گووت؟ جاریٚتر بیڵیٚ.
**تەڵحەک:** بڕوانن. من نازانم ئەم میری نەورۆز ە کێیە. بەڵام لە باتی ئەو نان و پێخۆرەی کە بە من و ژن و مناڵەکەمتان دا وا لە خزمەتتاندام.
**سەرۆک:** ئاخر ئەشیٚ پیاوی قسەی نەسەق و گاڵتە و گەپ بی.
**تەڵحەک:** تێر بم پیاوی گشتێکم.
**سەرۆک:** بەم جوامێریەت هەموو دڵشاد ئەکەی.
( سەرۆک لە دەهۆڵ ئەدات. کوڕی تەڵحەک لە تەڵحەک نزیک ئەبێتەوە)
**کوڕی تەڵحەک:** بابە تۆ بەر زمانی خۆت پیٚناگیریٚ. زبانت را ناگری.
**تەڵحەک:** ئەوە چ قسەیەکە رۆڵە گیان. هونەری من زبان راگرتنە، بەڵگەیشم ئەوتا سەرم هێشتا بە سەر شانمەوەیە.
**سەرۆک:** ( ئاوڕ ئەداتەوە) تۆ ناوت چییە؟
**تەڵحەک:** تەڵحەک.
**سەرۆک:** وا بزانە تۆ میری و کەسانی دیکە گویٚ لە مست و دەس و دایرەی تۆن.
**دەورگێڕیٚ:** هەڵبەت بە قەستی و لە بۆ گاڵتە.

**سەرۆک**: چوار مەلیک لە چوار لایەنی تۆن، چوار پەلی تۆن. تۆ قاڵاوت پێیە و ئەو مەشکە و باوەشێن و تاوڵەمە و خشت.

- کۆڕی ژنان

( گرد و کۆ کردنی کەرەسەو چت و مەکی شانۆ بەردەوامە. دەنگی دەهۆڵ و دەنگی پیاوێ کە لە سەر سەکۆوە را دەگەیەنێ.)

**دەنگی پیاو**: سەرەتای یاری پاش بانگی نیوەڕۆ. ئاگادار بن، ئاگادار...

( ژنان گوێ را دەگرن)

**ژنێک**: ساڵێ ئەتاسین و رۆژێ ئەماسین.

**ژنی تەڵحەک**: چ دەکەن؟

**ژن**: پیاوی تۆ گرتیەتە ئەستۆ. خوا رووسووری بکات. هەرکەس رایەک ئەبێتە میری نەورۆز رای دووهەم خۆ لە قەرەی نادا. ئەم یارییە چ نەهێنییەکی تێدایە کەس تێناگا.

**کچ**: ( بە کچی تەڵحەک) خوا بکات بە گاڵتە و گەپ کۆتایی بێ.

**کچی تەڵحەک**: چەن باش

**ژن**: ( بە ژنی تەڵحەک) خوا بیکردایێ بە شادی کۆتایی بهاتایێ.

- کۆڕی دەورگێڕان

( سەرۆک یارییەکەیان بۆ راڤە ئەکات. جل و بەرگ وەبەر تەڵحەک و چەن دەورگێڕی دیکە ئەکەن.)

**سەرۆک**: باشە تۆ تۆماری گاڵتە چیەکانت خوێندەوە. دەفتەری گاڵتە و گەپ لە بەر پشتێنەکەتایە. بە هیچ چتێ لێڵ مەبە. مەبەست شادی و پێکەنینە. لەم یارییەدا کەس نایدۆڕێنێ. خەلاتی لە ماڵی حاکمەوە دێنن. ساڵی رایەکە. گشت چتێ بەو جۆرەیە کە گووتم. کەس هیچ ناگرێتە خۆ و زویر نابێ. گشت بە رواڵەت تووڕە ئەبن. باش تێگەیشتی؟ ( تەڵحەک بە سەر ئیشارە ئەکات کە ئەرێ. کڵاو لە سەری دەنێن و عابا ئەدەن بە سەرشانیا. لە پشت سەریەوە ئاڵاکان هەڵدێنن.

**3. رۆژ – دەرەوە- کۆڵانەکان و مەیدان**

لە دوو لایەنی کۆڵانەکان، لە سەر بانەکان، لە پشت دەلاقەکان و ناو ژوورەکان خەڵک کۆ بوونەتەوە. دەنگی مۆسیقاژەنەکان . تاقمی میری نەورۆزی کەوتووەتە رێ. تەڵحەک بە سەر گوێ درێژێکەوە و قاڵاوێک بە دەستیەوە. لە دوایەوە هەندێ بە خۆ رازاننەوەی سەیر و سەمەر. یەکێ بە ریشێکی سازدراو لە پێستی مەڕ، یەکێ بە پێستی رەشی بزنەوە، یەکێ بە شاخی گاوە، یەکێ بە کڵاوی زەنگۆڵەدارەوە، یەکێ بە مت و مورووەوە، یەکێ بە سەر و چاوی ئاردابییەوە، یەکێ بە سەر و چاوی دووکەڵاییەوە، یەکێ بە چڕ و چاوی زەرد و سوورەوە. چەن پیاوێکی بەرگی ژنانە لە بەر بە سووراو سپیاوی ژنانەوە سەما ئەکەن. چەن کەسێ جل و بەرگی شەڕیان لە بەرە، ئاڵای سەیر و هەروەها گۆپاڵ و دار بە دەستەوە. چەنا سوونگی درێژ کە کەلە

سەری گوێدرێژ و مەڕۆ مانگایان بە سەرەوەیە. بە دەور و بەریانەوە تاقمی گاڵتەچی و مۆسیقاژەن و لە پێشیانەوە سەرۆک و هاوڕێکانی کە ڕێنوێنی دەکەن. تەڵحەک بە سواری گوێدرێژەوە پێدەکەنێ و بە سەر بۆ گشت لایەنی جەماوەر کە نوقڵ و برنجی بۆ دەهاوێن کڕنۆش دەبات. لە ناو جەماوەرەوە کوڕ و کچی تەڵحەک بەرەو رووی هەڵدێن و هەر کام لایێ لە داوێنی ئەگرن.

**کوڕ**: مەڕۆ بابە، درەنگ ئەکەوین، ئەبێ لێرە بڕۆین.

**کچ**: بڕۆ بابە با گشت لێت دڵشاد بن.

**کوڕ**: مەڕۆ بابە، لە شەو و چۆڵگە و گورگ دەترسێم.

**کچ**: بڕۆ بابە، خەڵکی ئەم شارە ئێجگار میواندارن.

**کوڕ**: مەڕۆ بابە، تۆ ئەو خەڵکە ناناسی.

**کچ**: بڕۆ بابە سزای پیاوەتی هەر پیاوەتییە.

( تەڵحەک خۆ لە دەستیان رزگار ئەکات و ئەوان لا ئەدات)

**تەڵحەک**: من ئەوەی بە پێویستی بزانم ئەیکەم. پاش ئەو هەموو ئازارە نۆرەی تاوێ رابواردنە. ئەوان نانیان پێداوم منیش یاریەیان ئەدەم.

( قرم و قاڵی و جوزەلە و زوڕنا، تاقم دێتە ناو مەیدان. جارێ مەیدان دەور ئەداتەوە و پاشان ئەوەستێ. تەڵحەک دائەبەزێ و ئەچێتە سەر سەکۆ کە لە ناوەڕاستیدا چوار پایەیەک دانراوە و بە چوار دەوریا چوار مەلیک راوەستاون. جەماوەر هاوار ئەکەن و چوار مەلیک یاری دەست پێدەکەن. هەوەڵ مەلیک مەشکەی ئاوەکەی

ئەکا بە سەر خۆیا. دووهەم مەلیک خۆی باوەشێن ئەکات. سێهەم مەلیک تاوڵەمە ئەسوڕێنێ و چوارەم مەلیک خشتەکان هەڵدێنێ و ئەیاندا لە یەک و خاک و خۆڵەکەی ئەچێ بە سەر خۆیا.

**سەرۆک**: تۆ کێی؟

- : من مەلیک بام.

**سەرۆک**: تۆ کێی؟

- : مەلیک ئاوم.

**سەرۆک**: تۆ؟

- : مەلیک خۆڵم.

**سەرۆک**: ئەی تۆ؟

- : مەلیک ئاگرم.

**سەرۆک**: بە حەقی چوار توخمە، بە گەورەیی حەو ئەستێرە زمسان دەرپەڕێنە و نوێنەری بۆ خزمەت بەهار بنێرە.

( تەڵحەک قاڵاوەکە هەڵدەفڕێنێ. جەماوەر دەیکەنە قرم و قاڵ و دەڕواننە ئاسمان. ناکاو تەڵحەک هەنگاو ئەنێتە پێش و هاوار ئەکات.)

**تەڵحەک**: ئەهای خەڵکە، گەلی برادەرینە- ئەزانن ئەمەوێ بڵێم چی؟

**جەماوەر**: نا

**تەڵحەک**: ( بە قەستی قەڵسە) من بە جەماوەرێکی وەها نەزان بڵێم چی؟

( تەڵحەک بە دەور سەکۆدا ئەگەڕێ. چوار مەلیک رادەکەنە پێش. خەڵک بە سەر سوورڕمانەوە لە یەک دەڕوانن. سەرۆک بە ئیشارە ئەهوەنیان ئەکاتەوە.)
**یەکێ لە جەماوەر**: ئێمە تاقی ئەکاتەوە.
( چوار مەلیک تەڵحەک رازی ئەکەن بگەڕێتەوە. جەماوەر لە ناو خۆیانا مقۆ مقۆیانە. تەڵحەک لێیان دێتە پێش.)
**تەڵحەک**: هۆی خەڵکە، هەی گەلی برادەرینە- ئەزانن ئەمەوێ بڵێم چی و چیتان پێ ڕاگەیەنم؟
**جەماوەر**: ( بە شێوەیەکی درێژەدار) ئە... ر ... ێ...
**تەڵحەک**: ( قەڵس بوونێکی قەستی) کاتێ هەمووتان ئەزانن ئیتر چ پێویستێکی بە گوتنی من هەیە؟
( جەماوەری کڵاو سەرچوو پێدەکەنن. تەڵحەک بە دەور سەکۆدا ئەگەڕێ. چوار مەلیک دیسانەوە دەبنە ناوەنجی. جەماوەر بە قاوو قیژ لە ناو خۆیانا بەڵێن و بڕیاری نوێ ئەدەن.
**یەکێ لە جەماوەر**: ( بە ئەوانیتر، بە ئەسپایی) هەندێکمان بڵێین ئەرێ، هەندێکیشمان بڵێین نا.
**تەڵحەک**: ئەهای خەڵکە، ئەنجام ئەزانن ئەمەوێ بڵێم چی؟
**تاقمێ لە جەماوەر**: نا....
-------هاوکات و پێکەوە---------
**تاقمێکی دیکە**: ئەرێ...
**تەڵحەک**: ( قەستی قەڵسە) باشە. ئەوانەی کە ئەزانن بڵێن بەوانەی کە نازانن.

( جەماوەر پێدەکەنن و بە گاڵتەوە یەکێ بەرەو پێش پاڵ پێوە دەنێن. سەرۆک دەم بە پێکەنین ئەچێتە سەر سەکۆ.)

**سەرۆک**: کێ عەرز و حاڵی هەیە؟ بە دابی ماڵ تەکانن هەرکەسێ گلەییەکی لە هەر کەس هەیە دەربیبڕێ. ئەوەی داخوازەکەی سەیر نەبێ پەنجا قامچی لێ ئەدرێ. هەر کەسێ لە بۆ داد بێ پێچەوانە سواری کەری ئەکەن.

( ئەوەی کە پاڵیان پێوە نابوو هەڵدێتەوە ناو جەماوەر. چوار مەلیک جل و بەرگی خزمەتکاران لە بەر ئەکەن.)

**تەڵحەک**: میر غەزەبم کێیە؟

- : منم

**تەڵحەک**: نێچیروانم کێیە؟

- : منم.

**تەڵحەک**: راوێژکارم؟

- : منم.

**تەڵحەک**: هاوسەرم؟

( پیاوانی جل و بەرگی ژنانە لە بەر دەقریشکێنن و بە سەرمێکی قەستی هەڵدێن و دوور ئەکەونەوە. جەماوەر پێدەکەنن.

**تەڵحەک**: خەزنەدارم کێیە؟

- : منم

**تەڵحەک**: لەشکرم؟

( هەموو ئەو کەسانەی کە سەرە مەڕ و بزن و کەر و گایان کردە بە سەر دارەوە دارەکان هەڵدێنن و هوڕا دەکێش.)

**تەڵحەک**: کتێبدار لە کوێیە؟

- : لێرە.

**تەڵحەک**: ئەستێرەناس کێیە؟

- : منم.

**تەڵحەک**: ئەستێرەناسان توێژێکی بێکەڵکن. ئەوەی ناکرێ لە سەر عرزا لە دوی بگەڕی ئەوان لە ئاسمانا بۆی دەگەڕێن.

( جەماوەر لە ناو خۆیانا گشت هوو لەو پیاوەی دەکێشن کە بە رواڵەت پیشەی ئەستێرەناسینە. ئەو ئاڵۆز بەڵام دەم بە پێکەنین و ناچار دێتە ناو کایەوە، تەنیا کەوتە و بە گومانەوە هەنگاو دەنێتە پێش.

**ئەستێرەناس**: من پیاوێکی خولیای زانستم و گەلێ کتێبم خوێندوەتەوە. مەلای گەڕەک ئەمە ئەسەلمێنێ... زانیاران بۆ من رێز دادەنێن. بەڵام نازانم لای ئێوە چەن ئەژیم؟

**تەڵحەک**: راستت دەوێ دە دینار.

**ئەستێرەناس**: خوا بیزانێ هەر عەباکەم بایی دە دینارە.

**تەڵحەک**: خوا بیزانێ منیش بە عەباکەوە ئەوەندەم داناوە.

( پێکەنینی خەماوەر بە ئەستێرەناس. ئەستێرەناس پەشێو روو لە جەماوەر ئەکات.

**ئەستێرەناس**: من گەلێ چت ئەزانم کە کەس نایزانێ.

**تەڵحەک**: لە خۆ بایی مەبە. زانستی تۆ زۆر لە زانستی من زیاتر نییە.

**ئەستێرەناس**: کوێ ناوەڕاستی عەرزە؟

**تەڵحەک**: ئەم شوێنەی کە من لێی راوەستاوم.

**ئەستێرەناس**: حەیە حەی!

**تەڵحەک**: بڕوا ناکەی بیپێوە.
**ئەستێرەناس**: چەند ئەستێرە لە ئاسماندایە؟
**تەڵحەک**: بە قەد مووی ئەم خەڵکە.
**ئەستێرەناس**: بە کام بەڵگەوە؟
**تەڵحەک**: بڕوا ناکەی بیان بژێرە.
( مەلای قووتاوخان بۆ یارمەتی ئەستێرەناس دێتە پێش.)
**مەلا**: هۆی ئەم جیاوازییانە چییە؟ بۆ خەڵک لە دنیادا پرش و بڵاون؟
**تەڵحەک**: چون هەگە گشتیان لە لایەک پێکەوە بوایەتن عەرز لاسەنگ ئەبوو و چەپەی ئەکرد.
**ئەستێرەناس**: هەتاو کەڵکی زۆرترە یا مانگ؟
**تەڵحەک**: هەی خۆزگەم بە خۆم نەبێ، تەنانەت ئەمەیش نازانی؟ دیارە، هەتاو رۆژی روون دێتە دەر کە بوون و نەبوونی تەوفیر ناکات. بەڵام مانگ شەوی تاریک دێتە دەر و کەل و کون روون ئەکاتەوە.
**ئەستێرەناس**: ( بە مەلا) من ئیتر هیچم پێ شک نایێ.
**مەلا**: تەنانەت لە مەیدان دەرچوونیشت پێ شک نایێ؟
( ئەستێرەناس و مەلا هەڵدێن و لە مەیدان ئەچنە دەر. جەماوەر هۆیان لێ دەکەن و پێیان پێئەکەنن.)
**سەرۆک**: ئێستا، دادخوازی دەست پێدەکات. بە ئاو بڵێ سەرەو ژوور بڕوات. بە دووکەڵ بڵێ بەرەو خوار بێت. ئێسک بخەنە بەر وڵاخ و کاو جۆ بکەنە بەر سەگ. دنیا سەربەرەو خوار ئەبێت. کۆڕی میری نەورۆزی دێتە ئاراوە.

( سەرۆک لە سەر سەکۆ دێتە خوار، مۆسیقا دەژەنن. پیاوێ بە قوڕ پێوان و شینی قەستی دێتە پێشەوە.
**کابرا:** میری مەزن، میری مەزن، درگای ماڵەکەمیان دزییوە.
**تەڵحەک:** شینی پێ ناوێ کابرا، تۆیش بڕۆ درگای مزگەوت ببە.
**کابرا** :مزگەوت ماڵی خوایە.
**تەڵحەک:** وایە کاکی من. ئەو ئەزانێ دزی درگای ماڵەکەی تۆ کێیە. دزەکەت پێ بسپێرێ و درگای ماڵی خۆی بباتەوە.
(پێکەنینی جەماوەر، کابرایش ماق پێدەکەنێ.)

- سوچی مەیدان- ژن و منالی تەڵحەک

ژن و کچی تەڵحەک مینا خەڵکی دی بە یاریەکە پێدەکەنن. کوڕی تەڵحەک لە جەماوەر جیا ئەبێتەوە. لە رێگەیەکەوە کە بە مەیدان ئەگات گایەکی رازاوە دەبینێ کە پیرەپیاوێک لە لایەوە دانیشتووە و تەزبێح ئەخات. کوڕی تەڵحەک حەچێتە پێش و دەست بە پشتی گاکەدا ئەهێنێ.
**کوڕی تەڵحەک:** بۆ رەنگیان کردووە؟
**پیرەپیاو:** گای قوربانییە. ئەم کۆبوونەوە هەمیشە بە قوربانی کۆتایی دێ.
( کوڕی تەڵحەک لە گاکە دوور ئەکەوێتەوە و دەڕوانێتە تازبێحی دەستی پیرەپیاو کە دەنک دەنک ئەیخات.)
**کوڕی تەڵحەک:** تۆ چی ئەکەی؟
**پیرەپیاو:** من کات ئەژمێرم!

- مەیدان

( له مەیدانا ئێستا لاوێ مەچەکی قەڵەوەیەکی گرتووە و دادخوازی ئەکات.)

**خزمەتکار**: چت گوت، جارێتر بڵی و بە دەنگێ بەرزتر بڵێ.

**لاو**: من باوکێ پیرم بوو کە لە ژێر سێبەری دیواری باخا نووستبوو. ئەم بەڕەڵایە لە بۆ دزی بە دیواری باخەکەمانا هەڵگەڕاو لەو سەرەوە رێک بازی دایە سەر سنگی باوکی هەژارم و ئەوی کوشت.

**تەڵحەک**: تۆ بەڕەڵای؟

**لاو**: زەبەلاح و مفتەخۆرە.

**تەڵحەک**: لە مفتەخۆر پرسیار بکە بزانە ئیشتیای هەیە؟

**قەڵەوە**: منی هەژار لە دنیادا هەر ئەمەم هەیە.

( پێکەنینی جەماوەر، قەڵەوە بە دەرفەتی ئەزانێ و ئەکەوێتە قسە.)

**قەڵەوە**: میری خاوەن شکۆ. من کابرایەکی هەژارم. لە رووی نەفامیەوە هەیە و نیەی باوکم کردە دەسمایە و ئیشم پێوە کرد. بەڵام کڵاویان نایە سەرم و گشتیان لە چنگ دەرهێنام و بۆ خۆیان خۆش رایانبوارد.

**تەڵحەک**: کە وایە ئێستا ئەبێ هەیە و نیەی دایکت بکەیتە دەسمایە.

( پێکەنینی جەماوەر و هەڵبزرکانی لاوی دادخواز)

**لاو**: خوێنی باوکی من لە بیر نەچێ.

**تەڵحەک**: راست ئەکەی. گوتت باوکت چەنی تەمەن بوو؟

**لاو**: ( دڵشاد) حەفتا.

**تەڵحەک**: ( بە قەڵەوە) تۆ چەنێ تەمەنتە؟
**قەڵەوە**: بیست ساڵ.
**تەڵحەک**: زۆر باشە ( بە لاو) ئەمە ئەبەیتەوە بۆ ماڵی خۆتان و باش پیا رائەگەی هەتا ببێ بە حەفتا ساڵ. یانی هاوتەمەنی باوکت. ئەودەم لە سێبەری دیوارا پاڵی ئەخەی و خۆت لە سەر دییوارەکەوە باز ئەدەیتە سەر زگی تا خوێن بە خوێن پاک ببێتەوە.
**لاو**: من پەنجا ساڵ بەخێوی بکەم ئەمە چیە تۆڵەی لێ ئەکەمەوە؟ دەک بە زیاد نەبێ. هاتوو من خۆم تا ئەو کاتە نەمام.
**تەڵحەک**: ئەبێ بمێنی و هەگە نەمێنی سزا ئەدرێی.
**قەڵەوە**: ( بە لاوی دادخواز) دڵم بۆت ئەسوتێ.
**لاو**: برا من لە خوێنی باوکم گوزەرام.
**تەڵحەک**: ئێمە لە مافی خۆ نابوورین. ئەی خواردن و بژییوی ئەم لاوە چی لێ دێ؟
**قەڵەوە**: ( بە لاوی دادخواز) دیتت؟ من تاوانبار نیم.
**لاو**: هەی هاوار بە ماڵم. گەورەم سەرم لە رێتاندایە. فەرموون ئاخوڕم بۆ هەڵبەسن. بەڵام باخەکەم لێ مەسێنن.
**تەڵحەک**: هەوەڵ ئاخوڕی بۆ هەڵبەسن و پاشان باخەکەی داگیر کەن.
پێکەنینی جەماوەر.لەناو جەماوەرەوە لاوێکی میرزابنووس نوێن بە گوێی قازییدا دەچرپێنێ .
**میرزابنووس:** قازیی؛ گشت لەتۆ دەڕوانن.

**قازیی :**(هێدی و لەسەرخۆ)ئاگام لێیە. مەیخەرەخۆت و بزە بگرە!

مەنجەڵێکیان لەسەرلاوی دادخوازناوەو دەیبەن؛قەڵەوە پێدەکەنێ!

**تەڵحەک:**بەڵام تۆ هەی لاو،بەسەرتدا دادەسەپێ کە درێژە بەژیان بدەی؛ لەناو ئەم دنیای قەحبەنوێنا،شان بەشانی لات ولوت و بێ سەروپێیانی رێزدارو تادواهەناسەی ژیان بۆ پاروێ نان بە دییواری ماڵی خەڵکا هەڵگەڕێی و بەشی ئێمەیش بدەی.

پێکەنینی جەماوەر؛ دەمامکێ بە بەر سەروچاوی لاوی قەڵەوەوە دەگرن ودەیبەن؛بەدوایانا پیاوێکی خۆبە ژن گۆڕیو لەگەڵ پیاوێکی پیر و پیاوێکی لاو دێنە پێش .زور روونە کە سەرۆک فێری کردوون.

**پیاوی بەرگی ژنانە لەبەر**(بە لاو) کە وا؛ بەمفت وخۆڕایی دێی بۆ لای ژنانی خەڵکی و تووشی گێچەڵیان دەکەی !

**پیرە پیاو:** هەی میر،میری مەزن؛ ئەم شۆڕە سوارە دەبینی؟ هەموو رۆژێ لە نەبوونی منا هات و چۆی ماڵمان دەکات.خۆم دیم؛ئەویش بە رۆژی رۆشنا !

**تەڵحەک:** (تووڕە) رۆژی رۆشن؟ ئەمە هۆی ئابڕوو چوونە !

**پیرە پیاو:** هەڵبەت - لای دەرودراوسێ ئابڕووی پێوە نەهێشتووم.

**پیاوی بەرگی ژنانە لەبەر**: ئەشا ئەشا ئەو رژدایەتیە. نە خۆی بە دەردما ئەگات و نە ئەهێڵێ کەس بگاتە هاوارم.

**پیرەپیاو:** هەی میری گەورە،دادی من بستێنە . فەرموو سەبارەت بەم باسە چی ئەفەرموون؟
**تەڵحەک:** پێش لە هەموو چتێ ئەم ژنە چووەتە دڵمەوە!
**لاو :** هەگە چتێ جگە لەمە بووایەت جێی سەرسووڕمان بوو.
پیرەپیاو ئەدا بە پشت دەستی خۆدا.-
**تەڵحەک:** ئەبێ لەشوێنێکی چۆڵا هەندی باس و خواسی لێ بپرسم.
**پیاوی بەرگی ژنانە لەبەر:** دیتت کەرەکەم ؟ نەمگووت لە چاڵ دەردیت و دەکەویتە چاە !
**تەڵحەک :** بەڵام خەم مەخۆ؛هەگە بەم پیت و بەرەکەتەی کە تۆ هەتە،هەگە ئێواران لە باتی درگای ماڵ ،چاوەکانت ببەستی، ئێمەیش بە ئەرخایەنی هات و چۆکانمان دەخەینە شەو!
**پیرە پیاو:** ( زویر بە ژن و لاو ) پێکەنینی بوو؟
**تەڵحەک :** بەڵام سەبارەت بەم لاوە خاوە! ( ئەدا بەسەر خۆیدا)
وای ! وای ! وای!- چ نامەتیەکە، واوەیلا؛ گەنجی قیت و قۆز مەگەر تۆ ئاگاداری شەرع و یاسا و داب و نەریت نیت؟ ئەم کارانە شورەییە. نابێ کارێ بکەی کە پێت بزانن. بڕۆ مشوری خۆت پخۆ. تۆ بەلای ناخێرتەوە گەنجێکی رێک و پێکی، بۆ ئەبێ نیازت بە گشت کەس و ناکەسێ ببێ؟ بڕۆ ژن بێنە با سەد کەسیتر نیازیان بە تۆ بێ.
( پێکەنینی جەماوەر. لە ناو جەماوەردا چەن کەسێ قەڵسن)

**تەڵحەک**: پێدەکەنی ، نا ؟ تۆ ئەبێ بە خراپترین شێوە سزا بدرێی. بە رای من، تۆ ئەبێ ژن بێنی و ببیتە خاوەنی ژن و مناڵ و هەتا دوا رۆژی تەمەن حەمباڵی بێ جیرە و جەزای ئەوان بی. ئەبێ کڵاوەکەت لار دابنێی و شەق و جنێوی گشت ژوور دەستێ پخۆی و لە نوێندا هاوبەشی گشت مێبازێ بی.
**لاو**: ( بە گریانەوە) نا. نا. بۆ خوا بمکوژە و بەم دەردەم مەبە. من مردنم گەلێ لا خۆشترە.
**تەڵحەک**: تۆ ئەمری. بەڵام هێدی هێدی. کاتێ لە ژێر باری تانە و لۆمەی خەڵکا پشتت چەمایەوە و پرچت سپی بوو. مەنجەڵێک بکەن بە سەریا.
خزمەتکارەکان مەنجەڵێک ئەکەن بە سەر لاودا کە تا سەر شانی دێت و خەڵک هۆی لێ دەکێشن.
**تەڵحەک**: بەڵام سزای تۆ خانم! ئەبێ ئەو مێردەت سوارت بێ.
**پیاوی جل و بەرگی ژنانە لەبەر**: ئەشا ئەو پەنە. گشت ئەیانەوێ سوارم بن.
**تەڵحەک**: تۆیش کابرا! سزات ئەوەیە مێردی ژنی وابی.
( جەماوەر پێدەکەنن)

- ناوەند جەماوەر

لە ناوەند جەماوەری دەم بە پێکەنین، کابرایەکی رواڵەت رازاوەی دەم بە پێکەنین لە کابرایەکی قەڵس نزیک ئەبێتەوە.
**کابرای خاوەن بزە**: ئێوە بۆ پێناکەنن؟

**کابرای قەڵس:** من پێکەنینم نایەت. بە رای من ئەمە گاڵتە نییە. ئەو خەریکە ئابڕووی گشتمان ئەبات.

- مەیدانی یاری

کابرایەک بە عابایەکی دڕاو بە دەستەوە، دەستی کابرایەکی خاوەن تیر و کەوانی گرتووە و بۆ پێشەوە کێشی ئەکات.

**کابرا:** میری مەزن، میری خاوەن شکۆ، ئەم عابا دڕاوە دەبینن؟ ئەز پیاوێکی نەدار و هەژارم. ئەم پیاوە بە هۆی دوژمنایەتیەوە تیرێکی هاویشتووە و عاباکەمی کون کردووە.

**تەڵحەک:** میر غەزەب. کۆتە و ساتور ئامادە کە. خوێن بەری چاومی گرتووە. تەنافی دار هەڵخراوە؟

**میرغەزەب:** بەڵێ گەورەم.

**تەڵحەک:** زۆر باشە، عاباکەت لە کوێ بوو؟

**کابرا:** هەڵخرا بوو بە سەر تەنافی حەوشەدا.

**تەڵحەک:** بۆ خۆت لە ناو عاباکەتا نەبووی؟

**کابرا:** هەگە بوایەتم کوژرا بووم.

**تەڵحەک:** هەگە بکوژرایەتی نیازت بە عابای نوێ نەبوو.

**کابرا:** بەڵێ گەورەم، کوژراوەکان سکاڵایش ناکەن.

**تەڵحەک:** نامەخوا. تۆ زۆر باش تێئەگەی.

**کابرای تیرهاویژ:** بیرێکیش لەو تیرە بێ سەر و شوێنەی من بکەنەوە کە لە خۆڕا بە زایە چوو.

**کابرا:** وا سەیر مەکە. من نەمئەزانی باشتر وایە لە عاباکەمدا بم.

**تەڵحەک**: دڵگیر مەبە ، ئێمە ئەو دەرفەتەت پێ ئەدەین کە هەڵەت راست بکەیتەوە. بە رای تۆ وەها چاکتر بیە ئێمە گریمانمان وابێ کە عاباکە لە بەرتا بووە.
**کابرا**: هەی هاوار، کە وابێ من پێکیاوم و کوژراوم؟
**تەڵحەک**: دەمێکە. کفن و دفنی بکەن. مەهێڵن تەرمەکەی لە سەر خاکا بمێنێتەوە.
( هەندێ کەس لە ناو جەماوەرەوە هەڵدێن و کابرا لە سەر دەست هەڵدێنن و بە زکر کردن و دۆعا خوێندن بە دەوری سەکۆدا ئەیگەڕێنن. کابرا هەر هاوار ئەکات و دەس و پا ئەکوتێ.
**کابرای تیر هاوێژ**: ( ترساو) هەگە ئەو کوژراوبێ، یانی من پیاوکوژم.
**تەڵحەک**: تۆ زۆر زانای، بۆ راوەستاون و لە داری نادەن؟
( خزمەتکارەکان هەڵدێن و کابرای تیر هاوێژ دەگرن. بەڵام میرغەزەب دوو دڵە.)
**میرغەزەب**: گەورەم دارەکە بەرزە، ئەمە ملی بە کورسیەکە ناگات.
تەڵحەک: دەی بگەڕێن کەسێ بدۆزنەوە ملی بە کورسیە بگات.
( خزمەتکارەکان کابرا بەرەڵا ئەکەن و هەڵدێن و لە ناو جەماوەرەکەدا کابرایەکی باڵابەرز ئەگرن و بە زۆر ئەیبەن، کابرا نایەوێ لە گەڵیان بڕوات. کێشی ئەکەن. لە لای کابرایەکی لەڕ و کوڕەگچکەکەیەوە تێدەپەڕن.
**گچکە کوڕ**: بابە بۆ کوێی ئەبەن؟

**کابرای لەڕ:** بۆ کاولبووێ کە نە نانی تیا بێ و نە ئاو، نە هێسر و نە گوێدرێژ، نە بەڕە و نە گلیم، بۆ شوێنێکی تەنگ و تاریک و چۆڵ و هۆڵ و تەڕ و تووش.
**گچکە کوڕ:** دە بڵێ بۆ ماڵی ئێمەی ئەبەن و ئەهانێ.
**تەڵحەک:** تۆ کێی کابرا؟ تۆ گەلێ نابار خولقاوی، ئێجگار چڵکن و شڕۆڵی.
**کابرای لەڕ:** برسیەتیش بەم دووانەی زیادکە.
**تەڵحەک:** تۆ وادیارە ئاشنای.
**کابرای لەڕ:** من خاوەنم.
( تەڵحەک بە دەست فرمانی بێدەنگی ئەدات)
**کابرای لەڕ:** من لەوە پێش خاوەن ماڵ بووم، خاوەن باخ بووم، خاوەن زەوی بووم و دەس و پاوەنی تۆ ماڵ و باخ و زەوی و زاریان لێ داگیر کردم و ئەوەی ماوەتەوە خاوەنە.
**تەڵحەک:** جا کاکی ئازیز. هەتا زووە خۆت دەرباز کە و هەتا پێت ئەکرێ و هەتا پێت ئەکرێ هەلێ. چون ئەم خەڵکەی من ئەیانناسم گەلێ بێخاوەنن.
( دەنگی پێکەنینی هەندێ کەس و هۆو کێشانی هەندێتر.)

- سووچی مەیدان

( ژن و منالی تەڵحەک راوەستاون، کابرایەک نزیکیان ئەبێتەوە. )
**کابرا:** ئەبێ ئێوە خێزانی بن.
**ژنی تەڵحەک:** بەلێ.
**کابرا:** رەنگە لەگەڵیا هەڵکردن گەلێ دژوار بێ.

**ژنی تەڵحەک:** نا. پیاوێکی زۆر خراپ نیە. زۆریش زەحمەتکێشە.
**کچی تەڵحەک:** باوکم زۆر باشە.
**ژنی تەڵحەک:** شوێکی باشە.
**کوڕی تەڵحەک:** باوکێکی باشە.
**کابرا:** ئێجگار قسە لە رووە. زۆر بێ پێچ و پەنایە. من گەلێ چووەتە دڵمەوە. ئەو گاڵتە ناکات. ئەو قسانەی گاڵتە نییە.
( کابرا دەڕوا و ماڵ و منالی تەڵحەک پەرۆشن)
وێنەگەلی هاوسەنگ لە سووچی مەیدان و شوێنی یاری.

- لە شوێنی یاریدا کابرایەک بە شۆخیەوە فەلەک دەکەن.
- وێنەی پەرۆشی ژنی تەڵحەک
- لە شوێنی یاری پای کەسێک بە کۆتەوە دەبەستنەوە.
- وێنەی سەر و چاوی قەڵس و توڕەی چەن بینەر.
- وێنەی کەسێ کە کورتانیان کردووە.
- وێنەی پەرۆشی تەڵحەک.
- وێنەی چەنا ئاغای کەرسوار کە دێن و بە قامچی لە هەر دوو لا ئەدەن.
- وێنەی سەرۆک کە چاو لە دەفتەر و تۆمارەکەی ئەکات،
- وێنەی تەڵحەک کە دەروێشێ ئەسپەنەر بە دەور سەریا ئەگەڕێنێ.
- وێنەی پەرۆشی کچی تەڵحەک.

- وێنەی کابرایەک کە ئاخوڕی بۆ هەڵئەبەستن.
- وێنەی ژنی تەڵحەک و ژنانی دیکە.

**ژنی تەڵحەک:** بە منیان گوت ئەمانە گاڵتەیە و لە کتێبە کۆنەکاندا نووسراوە.

**ژنی تەنیشتی:** بەڵام زیاد لە پێویست ، راست نوێنە. ( چاوی کچەکەی بە لەپی دەست ئەگرێ، سەیری مەکە.)

- شوێنی یاری

( لە ناو جەماوەرەوە کابرایەکی بەرگی ژنانە لەبەر بە حەو قەڵەم ئاڕایشتەوە دێتە پێش. لاوێکی سووراوو سپیاو کردو و پیر پیرەپیاوێکی چڕ و چاو ئاردایی لە گەڵیان. جلی ژنانە لەبەر کۆکڵاشک ئەجاوێ. )

**جلی ژنانە لەبەر:** هەی میری نەورۆز، لە دەورت گەڕێم. سکاڵای من ئەمەیە کە باوکی ساوسەوداگەرم کاتی مردن من و دارایییەکەی سپاردە دەس ئەم کابرایە کە چۆئارە ئێستا ئەم کابرایە کە وەسیەتنامەکەی تیا بردە. دارایییەکەی ماشیەتەوە و منی تەمەن تەواویش نادات بە شوو.

**تەڵحەک:** ( بزە گرتوو) مەگەر تۆ پێگەیشتووی؟

**جلی ژنانە لەبەر:** کێیە کە سەرنجێکی ئەم قەد و باڵایە بدات و بەمە نەزانێ.

**تەڵحەک:** من کابرایەکی کاڵ فامم. هەگە راست ئەکەی وەرە بڕۆینە شوێنێ چۆڵ و تاقی بکەینەوە.

**لاو:** گەورەم ئەو ژنێکی رەسەنە. بڕوانن چوار داوێنی بە سەر یەکا لە بەر کردووە.

**تەڵحەک**: خەمت نەبێ ، هەگە چلیش بەسەر یەکا بکاتە بەر، گشت ئەزانن لە ژێرەوە چ باسە.
( چۆئار و هەندێ پێدەکەنن. لاو رق هەستاو پێچ لە خۆ ئەدات.)
**لاو**: کە واتە تۆ لایەنی ئەم چۆئارە مفتەخۆرە ئەگری.
**تەڵحەک**: ئەو سەری وەخت بەشی بەیتولماڵ ئەدات. هەمیشە کەسانی وەک ئەو خاوەن مافن.( بە کچ) مەگەر ئەوەی لە تاقی کردنەوەدا باش دەرچیت.
( هەنارێک بە توندی ئەدرێ بە ناوچاوی تەڵحەکدا. پاشان یەکیتر ئەدرێ بە سینگیا. سەر و چاوی رێزکاڵێ سوور هەڵدەگەڕێ. کوڕی تەڵحەک بە پەلە لە ناو جەماوەرەوە بەرەو لای هەڵدێ. دەورگێڕی لاو و بەرگی ژنانە لەبەر دەس و پایان تێک ئەهاڵێ. تەڵحەک دێتەوە بە خۆیا و پێدەکەنێ. لە بەرانبەری خۆیا چاوی بە کوڕەکەی ئەکەوێ کە لە سەر سەکۆیە.
**تەڵحەک**: چ شارێکی باشە و چەنێ خەڵکەکەی دڵۆڤانن. بە زەبری شەق پیاو هان ئەدەن پخوات. ( گازێ لە هەنارەکە دەگرێ) من بەر زگی خۆم پێناگیرێ( ئەیدا بە کوڕەکەی) وەرە بگرە.
( لەو لاوە سەرۆک هەوڵ ئەدات خەڵک ئەهوەن بکاتەوە. ئیشارەت بە مۆسیقاژەنەکان ئەکات ساز لێدەن و خۆی لە گەڵ چەن کەسێکدا ئەدوێ. لە ناو جەماوەردا تاوێ ژن و کچی تەڵحەک دەبینرێن کە خۆیان کێشاوەتە ریزی پێشەوە.

**کابرایەکی بەڕێز**: هیچکەس نابوێرێ. ژنە رەسەنەکانی ئێمە، پیاوە بەڕێزەکانمان ، بیر و رامان، سبەینێ چۆن لە رووومان بێ سەیری یەک بکەین؟
**کابرایەکی قەڵس**: ئێوە زویرن چون گشت ووتەکانی راستە. ئەو خراپە پێشان ئەدات، خراپە فێر ناکات.
**پیرەپیاوێ بەڕێز**: یەک کەس وەک ئەو بەسە. زیاتر بن دنیا ژێرە و ژوور ئەبێ.
**کۆنە دەورگێڕ**: ( لە ناو جەماوەردا) هەر تەمایەرن کەسێ سەمایان بۆ بکات و ئیتر بەس. من خۆم جارێ بوومەتە میری نەورۆز.
**سەرۆک**: ئێمە قەیری کارەکە رائەگرین و شوێن کاری خۆ ئەکەوین. ئەم یارییە بیرەواری بە نرخی زانایانی پێشینە و ئێمە لە ئەوانەوە فێر بووین و ئەوان بێگومان بە پێی زانستێ ئەم یارییەیان داناوە. بڕۆ بەرۆ.
( دەنگی شەیپور. چەن تاوانبارێ کە مەچەکیانیان بە زنجیر بەستووە بە هەڵاتن ئەهێنن. قرم و قاڵ نیشتووەتەوە. سەرۆک هەوڵ ئەدات یارییەکە بەڕێوەببات. پاڵ لە دەورگێڕی دز بۆ پێشەوە دەنێ، بە دوایا چۆئار.
**دز**: میرم، هەی میری نەورۆز، پیشەی من دزییە و شانازی پێوە دەکەم. هەندێ دە رۆژا دزیی ئەکەن و کاری منی هەژاریش بە شەوایە. هەتا دوێنێ شەو قۆرت کەوتە کارم. چووم بۆ ماڵی ئەم چۆئارە. بزمارێکی بە دیواری ماڵەکەیا داکوتابوو و منی هەژار هەر کە بە دیوارا هەڵگەڕام بزمار چوو بە چاوما و چاوێکم لە کیس چوو.

**تەڵحەک:** سەیرە، ئەمە ئیتر جێی لێ بوردن نییە. کابرا تۆ گوێت لە سکاڵا بوو. بۆ ئەبێ بزمار داکوتی بە دیواریماڵتا کە چاوی ئەم بەسەزمانە کوێر بێ؟
**چۆئار:** میرم، منی ناوچاو رەش بێتاوانم. بەرۆکی ئەو کەسە بگرن کە دیوارەکەی داناوە. دیواریش بەننا دایناوە.
**تەڵحەک:** گورج بەننا بگرن.
( بەننا دەگرن و دەیێنن.)
**تەڵحەک:** کەواتە تۆ وەستای دیواری و دییوار دادەنێی.
**بەننا:** بەڵێ. یانی نا. تاوانی من چییە، چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە.
**چۆئار:** خۆیەتی گەورەم. هەر ئەم بەننا بوو.
**تەڵحەک:** باش گیر کەوتی پیاوی ناپیاو، بۆ بزمار لە دیواری ماڵ ئەم کابرادا داناوە کە ئەم دزە هەژارە کوێر بکات؟
**بەننا:** گەورەم راستتان ئەوێ ئەمە تاوانی ئاسنگەرە کە بزمار دروست ئەکات. هەر چییەک هەیە لە ژێر سەری ئەودایە.
( لە ناو جەماوەردا ئاسنگەر هەڵدێ)
**دز:** هەڵات، هەڵات، بیگرن.
**ئاسنگەر:** ( بە پێکەنینێکی زۆرەملی) من هەرام نەدەکرد میرم. من هەرگیز هەڵنایەم. من نیازم وابوو بڕۆم و دارتاش بگرم. چون خۆتان باش ئەزانن کە بزمار داکوتان ئیشی دارتاشە. من بێتاوانم. من تەنیا دروستی ئەکەم. ئەوە کە دایئەکوتێ.

**تەڵحەک**: باشە، کە وایە ئەو دایئەکوتێ، بڕوانە بزانە دارتاش لە ناو ئەو خەڵکەدا ئەبینی؟
( ئاسنگەر سەر وەر دەگەڕێنێ و کەسانیکەیش مینا ئەو. دارتاش کە بە سەر پێپەیژەوە خەریکی ئیشە ئەکەوێتە پاڕانەوە.
**دارتاش**: نا، نا، من لێرە نیم. من نەبووم. من ژن و منالم هەیە.
**تەڵحەک**: بیهێنن.
( دارتاش هەر بەسەر پێپەیژەکەوە دەهێنن. دارتاش هەر بەو سەرەوە دەلالێتەوە و دەپاڕێتەوە.)
**تەڵحەک**: باشە کافری بێدین، بزمار دائەکوتی و پاشان دەری ناهێنی با بچێت بە چاوی ئەم دزە داماوەدا؟
**دارتاش**: میرم خوا بیزانێ لە بیرم بوو کە دوایی بزمارەکە دەرکێشم. بەڵام لەو کاتەدا کە بەسەر پێپەیژەکەوە بووم چاوم بە ماڵی هاوسێ ماڵەکەیان کەوت و لەوێ دوو پیاوم دی کە لەگەڵ ژنێکدا خەریکی ساوسەودا بوون. ژن بتێکی تەواو بوو و وەک مانگی چواردە ئەدرەوشا. منی سیابەختیش ئاگام لە خۆ نەماوە لەگەڵ پێپەیژەدا هەر دوو دراین بە عەرزا و من ئیتر پێم باش نەبوو جارێتر بە پێپەیژەکەدا هەڵگەڕێم و سەیری ماڵی خەڵک بکەم. دارتاش لە پێپەیژەوە بەر دەبێتەوە.
**تەڵحەک**: نەبی بە چاوەوە. باشە ئەو ژن و پیاوە لێرە دەبینی؟
دارتاش: بەڵێ میرم. ئەوەتا. ئەوانەن.

**پیرەپیاو**: چۆن؟ ژنی من؟
**ژن**: میرم، میری مەزن ئەو دوو پیاوە دەبینن؟ ئەوە یەکێکیان وەستای بەرگ درووە و ئەویدیکەیان بەردەستیەتی. من و مێردەکەم بۆ گۆوەند داوەت بووین. لەو کاتەدا ئەم بەرگدرووە جل و بەرگی تازەدوریومی بە بەر تاقی ئەکردمەوە. بۆ ئەوەی رێک و پێک بێت لە بەرمی دائەکەند و چاکی ئەکرد. ئەم بەردەستەش شوێنەکانی باڵامی ئەندازە دەگرت. کە واتە تاوانێکمان نەکردووە. ئەوان بە باشی ئیشی خۆیان بە ئەنجام گەیاندو پارەیەکی باشیشیان وەرگرت. راستتان ئەوێ تاوان لە ئەستۆی ئەوانەیە کە شایی دەگێڕن و ئێمە و مانان ئەخەنە سەر هەوا.
**تەڵحەک**: تۆ راست ئەکەی. خەڵکی کاری بێ رێ و جێ زۆر ئەکەن. خاوەن شایی لێرەیە؟
**کابرای پیر**: بەڵێ گەورەم. ئێمەین.
**تەڵحەک**: کێ ئەم مافەی بە تۆدا لە بۆ منالّەکانت گۆوەند بگێڕی کە ئەم ژنە کەوێتە سەر هەواو جلی نوێ بدورێ و دارتاش ئاگای لای خۆی نەمێنێ و لە بیری چی بزمار دەرکێشێ و بزمار بە دیوارەوە بمێنێ و بە چاوی ئەم دزە هەژارەدا رۆچێ؟
**کابرای پیر**: من زەماوەندم گێڕا کە برێ کەس شاد بکەم و برێ کەسیش تێر بکەم. تا هەر وەها کە ویستی خوایە بەلانی کەمەوە برسییەک لە برسییەکانی دنیا کەم بێتەوە.
**تەڵحەک**: لەم کۆڕەدا کەسێ هەیە کە بە نانی تۆ تێر بووبێ؟
**نەدار**: بەڵێ گەورەم من هەم.

**تەڵحەک**: تاوانی گشت ئەم ڕووداوانە بە ئەستۆی تۆیە. ( بە دز) من تۆڵەی تۆی لێ ئەسێنمەوە. ئەمە ببەن بیکوژن با هەروەها کە ویستی خوایە برسییەک لە برسییەکانی دنیا کەم ببێتەوە.
( قرم و قاڵ و بگرە و بەردە، هەندێ چت بۆ تەڵحەک دەخرێ. ژن و مناڵەکەی بە پەلە خۆیانی پێئەگەیەنن و لە بەر دەمیا وەک دیوار رادەوەستن. تەڵحەک دێتە پێشیانەوە و بە بەژنی خۆی داکۆکیان لێدەکات. خزمەتکارێ قەڵغانەکەی خۆی بە تەڵحەک ئەدات. بەردێ ئەدرێ بە سەر تەڵحەکا و خوێن رێچکە دەبەستێ.)
**تەڵحەک**: کابرا قەڵغان بەم گەورەییە نابینی کە سەرم ئەشکێنی؟
**کوڕی تەڵحەک**: ( بە گریانەوە) بابە گیان! بە فشەی مەگرە، ئەوان گاڵتە ناکەن.
**تەڵحەک**: نا کوڕی شیرینم. ئەم یارییە گشتی گاڵتەیە. هیچکەس بە راستی نییە. هەموو بە قەستی خۆ توڕە و زویر ئەکەن.
**سەرۆک :** دەست راگرن . یاری کۆتایی پێ نەهاتووە. هێشتا کاتی قوربانیی نەهاتووە!
**ژنی تەڵحەك :** وەرەبابڕۆین پیاو؛ ماڵ وێرانمان ئەکەی!
**تەڵحەک :** تۆ نایان ناسی؛ ئەوان زۆر شادن! بڕوانە ئەو چتانەی کە بۆم دەهاوێن؛ گشت جۆر پیت و بەرەکەتیکە ! خۆیان ویستیان من میری نەورۆزیان بم _ ( ناکاو بەرەو جەماوەر هەڵدێ) دوا چیرۆکی منیش ببیسن –

بێدەنگیی سەرسوورِماوانەی خەڵک؛ بە نیگەرانیەوە.
**تەڵحەک :** ئاوێنەیەکم پێ بدەن – ( ئاوێنەیەک وەردەگرێ) سەیرە بۆ ئەوەندە من ناحەز دەنوێنی. ئەم لووتە زلە چییە؟ ئەم چاوە زاقانە! ئەم سەرە بێ مووە ! ئەم سەروسیما نابارە ! ئێ ! بۆ من وەها پیشان ئەدات؟
(ئاوێنەکە ئەکوتێ بە عەرزاو ئەیشکێنێ. کابرای خاوەن ئاوێنە کە دەورگێرِ نییە ماق ئەبێ.)
**کابرای خاوەن ئاوێنە:** میری بەرِێز چ دوژمنایەتیەکت تەک ئاوێنەدا بوو؟ ئەو بەو لەونەی کە هەی تۆی ئەنواند. چاوت لە خۆ نییە و رەنگە خۆت زۆر پێ جوان بێ. خۆت ناشرینی ئاوێنە بڵێ چی؟ بۆ ئاوێنەکەت شکاند؟
**تەڵحەک:** ئەمە هەر ئەو کارەیە کە ئێوە ئەیکەن. ناتوانن چاو لە خۆ بکەن و ئاوێنە ئەشکێنن.
( قیژەی ژنی تەڵحەک. ئەم را ئەو جەماوەرەی کە شتیان فرِێ ئەدا بە راستیی هوروژم دێنن. تەڵحەک بۆ تاوێ ئەکەوێتە ژێر دەست و پا. هوروژمهێنەران پەلاماری گشت چتێ ئەدەن و هێرش بۆ گشت چتێ ئەبەن. کچ و کورِی تەڵحەک هەرکام بە لایەکدا هەڵدێن. پیاوە بەرِێزەکان بەرەو ماڵ هەڵدێن. پەلاماردەران گشت چتێ تێک و مەسکەن ئەدەن. هەندێکیان ئەنەرِێنن و هاوار ئەکەن. هوروژمبەران هەندێکیان کەڵەسەری گیان لەبەرانیان بە دەستەوەیە، هەندێکیان مەنجەڵیان لە سەرە و هەندێکیان سەروچاویان رەنگ کراوە و ... گوێدرێژ سواران هەڵدێن. جل و بەرگی ژن و کچی تەڵحەک لە هەڵات هەڵاتدا ونجرِ ونجرِ

بوو. جل و بەرگی تەڵحەک یەکە یەکە حەوا ئەدرێ. ناویانەتە ژێر و لێی ئەدەن و تەڵحەک ئەنەڕێنێ.)

**تەڵحەک:** ختووم مەدەن، بەر خۆم پێناگیرێ.

( لە سووچێکدا چەن کورتان بە کۆڵێ ژنی تەڵحەک بەرەو هەمارێک راکێش ئەکەن. لە سووچێکی دیکەدا کچی تەڵحەک دیلی چەن مەنجەڵ بە سەرێکە. تەڵحەک بە تەواوی رووت کراوەتەوە و گشت لەشی خوێنی لێ ئەتکێ. دەست و پایان گرتووە و گشت تفی لێدەکەن.

**تەڵحەک:** ئێوە گریانی من نابینن.

( لە لایەکی مەیدان کوڕی تەڵحەکیان دەمەو روو داوە بە عەرزاو سوار کۆڵی ئەبن و پێدەکەنن. لە سووچێکیتردا کچی تەڵحەک کە ئێجگار ترساوە ئەکەوێتە دەس چەن کەسێ کە بەرەو هەمارێک کێشی ئەکەن و درگای هەمار ئەبەسن.

**4. رۆژ- دەرەوە- مەیدانی یاری( تاوێ دواتر)**

( مەیدانی تێک و مەسکەن دراو پڕە لە ئامرازی یاری وەک ریشی قەستی و جل و بەرگ و دەهۆڵی دڕاو، لەتکە ئاوێنە، سەکۆی وەرگەڕاو. تەڵحەک لە ناو ئەم گشتە چتەدا، تەواو رووت و خوێناوی لە خۆ ئەنەوێ کە هەڵسێ. ئێش و ئازار زۆریان بۆ هێناوە و توانای پێگوازتنەوەی نەماوە. چاوەکانی لێکدەنێ. سەری گێژ ئەخوات و ئەدرێ بە عەرزا. لە سەر عەرز کوتێ هەنار ئەکەوێتە بەر دەستی، هەڵی ئەگرێ و گازێکی لێ دەگرێ. درگای هەمار ئەکرێتەوە. هەوەڵ ژن و بە دوایا کچی تەڵحەک یەکە یەکە

فڕێ ئەدرێنە دەرەوە. وەک مەیتیان لێهاتووە. کوڕ هەڵدێتە ژوور سەریان و ئەگری. تەڵحەک هەڵئەسێتە پا. دەنگی گریانی کوڕ.)

**5. ڕۆژ- دەرەوە- دەروازەی شار**

( لە دەروازەی شارەوە تەڵحەک ئەچێتە دەر، ڕووت و قووت. گزنگی خۆر پێش لە داچوون. لە دەلاقە و پەنجەرەکان و سەر دیواری شارەوە هەندێ بە دزیەتی و هەندێ بە ئاشکرا سەیری دەکەن. تەڵحەک تاوێ ڕائەوەستێ و ئەڕوانێتە ئاسۆ. لە ئاسۆدا ڕەوە گورگێک دەبینرێن. برسین و ئەلورێنن. تەڵحەک بەرەو لایان ڕێ ئەکەوێ و پاش چەن هەنگاوێ باووشیان بۆ ئەکاتەوە. تیشکی خۆر پێش لە داچوون. کامێرا دەبەسترێ.)

کامێرا دەکرێتەوە. تەرمی هەڵڕژاو . چۆڵگە، پشت دیواری شارێک، تۆز و باو گێژەڵووکە. تەرمەکان دەشەکێنەوە، تەرمەکان لە سەر عەرزا ئەتلێنەوە. وەک گەڵای پاییز، سووک و سۆڵ بە دەم باوە حەوا ئەکەون و بەری ئاسمان ئەگرن. بەرەو شار دەڕۆن، تەرمەکان شار داگیر ئەکەن.

کۆتایی. 1378/3/3 ی هەتاوی. سەقز

وەرگێڕ: خالید خاکی

Filename: telhek.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title:
Subject:
Author: dilax
Keywords:
Comments:
Creation Date: 8/16/2007 3:28:00 AM
Change Number: 1
Last Saved On: 8/16/2007 3:31:00 AM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 3 Minutes
Last Printed On: 3/21/2007 11:42:00 PM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 35
Number of Words: 5,227 (approx.)
Number of Characters: 29,799 (approx.)